عامری و خەزعەلی تاوتوێی پێشهاتەکانی گۆڕەپانی سیاسی و ڕێگاکانی پێکهێنانی حکوومەتی نیشتمانی دەکەن

ئەمڕۆ پێنجشەممە، هادی عامری، ئەمینداری گشتیی ڕێکخراوی بەدر، لە نوسینگەی خۆی لە بەغدا، پێشوازی لە ئەمینداری گشتی بزووتنەوەی عەسائیب ئەهلی حەق، قەیس خەزعەلی کرد و پێشهاتەکانی گۆڕەپانی سیاسی و ڕێگاکانی پێکهێنانی حکومەتی نیشتمانیان تاوتوێ کرد.

بەگوێرەی بەیاننامەیەکی نووسینگەی عامری کە دەست موتەڵیع کەوتووە، هەردوولا پیرۆزبایی سەرکەوتنی هەڵبژاردنی پەرلەمانیان ئاڵوگۆڕ کردووە، پێش ئەوەی باس لە پێشهاتەکانی گۆڕەپانی سیاسی ئێستا وپێداویستییەکانی قۆناغی داهاتوو بکەن لەڕووی هەوڵدان بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی کە توانای پتەوکردنی سەقامگیری و پەرەپێدانی کەرتە جیاوازەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتیانی هەبێت.